عەبدوڵڵا سەمەدی

# گڕ و گاڵی منداڵانی کورد

## یەکەمین گۆڤاری منداڵان بە زمانی کوردی

مێژووی ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٣-[١] و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری **خۆی**[٢] لە شاری » خۆی «، لە لایەن **عەبدوڕەزاق بەگ بەدرخان پاشا**[٣]. کەوایە، مێژووی ڕۆژنامەگەری لەم بەشەی کوردستان، لە ١٩١٣ ەوە تا ئێستا[= ٢٠٠٤]، نەوەد و یەك ساڵی تەمەن بڕیوە.

نۆ ساڵ پاش بڵاوبوونەوەی هەوەڵ ژمارەی **خۆی**، یانی لە ( ذیقعدەي ١٣٤٠/ ژوئیەی ١٩٢٢)، ڕۆژنامەی **کورد** لە شاری ورمێ، بە سەرپەرشتیی **مەلا محەممەدی قزڵجی تورجانیزادە**[٤] بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە حەوتووی جارێك لە چوار پەڕدا دەردەچوو. دروشمی ڕۆژنامەکە، بە نیشانەی یەکێتی، بریتی بووە لە دوو دەستی تەوقە کردوو و لە لای ژووری دروشمەکە نووسراوە: «واعتصموا بحبل‌الله جمیعاً ولا تفرقوا». ڕێبازی ڕۆژنامەکە، وەك لە ژێر دروشمەکە نووسراوە، **سیاسی، ادبی، اخباری**[٥] بووە و سەروتارەکەی بە زمانی فارسیش وەرگێڕدراوەتەوە. ڕۆژنامەی **کورد** تەنیا چوار ژمارەی لێ‌دەرچووە[٦] و لە ژوورنالیسمە کوردییەکاندا بە زمانی حاڵی شۆڕشی سمکۆ ناوی براوە.

پاش ڕۆژنامەی **کورد**، بە ماوەی بیستویەك ساڵ، هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی لە ئێران بڵاو نەکراوەتەوە، تا ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری **نیشتمان** ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك لە مەهاباد دەرچووە. وەدیهاتنی ئەم گۆڤارە لە لایەك دەرکێکی نوێی بە ڕووی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێراندا کردووەتەوە، لە لایەکی دی، هەنگاوێکی گەورە بووە بۆ زمانی کوردی و بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆژنامەوانی پاشی دیکتاتۆریی توند و تیژی ڕەزاشا، بە تایبەت دژ بە گەلی کورد و زمانی کوردی. هەوەڵ ژمارەی نیشتمان لە پووشپەڕی ١٣٢٢(= جولای ١٩٤٣) لە بیستوپێنج لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

نیشتمان گۆڤارێکی **کومەلایەتی، ئەدەبی، خویندەواری** مانگانە بووە و تا جۆزەردانی ١٣٢٣(= مە ١٩٤٤) سەرجەم ٩ ژمارەی[٧] لێ بڵاوبوەتەوە. پاشی چوار ساڵ، لە ١٣٢٧(١٩٤٨)، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، **عەبدوڕەحمانی زەبیحی** کە چالاکترین ئەندامی ژ.ك و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتی نیشتمان بوو، ژمارە ١٠ی لە هەشتاوهەشت لاپەڕەدا لە شاری **سلێمانی** چاپ و بڵاوکردەوە، کە ئەمە دوایین ژمارەی نیشتمان بووە.

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤(= ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەزرا، و لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥(= ١٧ی دسامبری ١٩٤٦) بە گیرانی مەهابادی پایتەخت لە لایەن ئەرتەشی شاوە، ڕۆژی تەمەنی کۆمار ئاوا بوو. لە ماوەی ئەم ٣٣٠ ڕۆژەدا کە دەبێتە نزیکەی یازدە مانگ، لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە، سەرەڕای گیروگرفتێکی زۆری ڕامیاری کە دەستەویەخەی ببوو، گرینگی و بایەخێکی بەرچاو بە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە گشتییەکان درا.

هەر لەم ماوە کورت و پڕ گێرەوکێشەیەدا، کۆمار توانی لە ڕێگەی دوو وەزارەتخانەی **فەرهەنگ** و **تەبلیغات**، هەروەها دامەزراندنی **هەیئەتی فەرهەنگی** یەوە، چەند هەنگاوی بنەڕەتی باوێژێ، وەك: کردنی زمانی کوردی بە زمانی ڕەسمیی خوێندن و نووسینی خوێندنگە و دایرەکان، کردنەوەی چەند خوێندنگەی کوڕانە و کچانە لە مەهاباد و شارەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، وەرگێڕانی کتێب و بابەتی جۆراوجۆر بۆ سەر زمانی کوردی،

خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی هەینی بە زمانی کوردی، دامەزراندنی چاپخانە، ڕادیۆ و سینەمای کوردستان، دامەزراندنی کتێبخانەی میللی کوردستان و بڵاوکردنەوەی حەوت ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی[٨].

لێرەدا بە پێی مێژووی دەرچوون، چاوێك بەم حەوت پەخشەدا دەخشێنین و لە سەر دوایین گۆڤاری کۆمار، کە **گڕوگاڵی منداڵانی کورد**ە، وچانێك دەگرین:

(١) گۆڤاری **هاواری کورد** کە تەنیا یەك ژمارەی لە ڕەزبەری ١٣٢٤(= سپتامبەری ١٩٤٥) لێدەرچوو. ئەم گۆڤارە لە ڕاستیدا هەمان **نیشتمان** بوو، پاشی ئەوەی کۆمەڵەی ژ.ك لە چالاکی خرا و ناوەکەی گۆڕا، گۆڤارەکەشی کە **نیشتمان** بوو، کرا بە **هاواری کورد** و سەرپەرشتییەکەشی لە زەبیحییەوە درا بە **سەید محەممەدی حەمیدی(گرشاسب)**. لە بەراوردکردنی ژمارە (١)ی هاواری کورد لەگەڵ ژمارە (٧و٨و٩)ی نیشتماندا کە دوایین ژمارەیە، بە تەواوی ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ؛ پاشماوەی هەندێ بابەتی دوایین ژمارەی نیشتمان، کەوتووەتە ژمارە(١)ی هاواری کورد. هەروەها هەڵەکان و کەموکووڕییەکانی دوایین ژمارەی نیشتمان، لەم گۆڤارەدا ڕاستکراوەتەوە.

(٢) گۆڤاری **اوات** کە تەنیا یەك ژمارەی لە ١ ی خەزەڵوەری ١٣٢٤(= ٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥) لێدەرچوو. ئاوات گۆڤارێکی **ادبی، تاریخی و کومەلایەتی** بوو کە ئەم تاقە ژمارەی لە قەوارەی ١٩×١٢ سم و بە وێنەی شێخ عەبدولقادری شەمزینی لەسەر بەرگەکەی چاپ و بڵاوکرایەوە[٩].

(٣) گۆڤاری **کوردستان** کە هەوەڵ ژمارەی لە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤(= ٦ی دسامبەری ١٩٤٥) دەرچوو و سەرجەم ٩ ژمارەی لێبڵاوکرایەوە[١٠].

(٤) ڕۆژنامەی **کوردستان** کە هەوەڵ ژمارەی لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤(= ١١ی ژانویەی ١٩٤٦) دەرچوو و سەرجەم ١١٠ ژمارەی لێبڵاوکرایەوە[١١].

(٥) گۆڤاری **هەلالە** کە لە بۆکان چاپ دەکرا و هەوەڵ ژمارەی لە ١ ی ڕەشەمەی ١٣٢٤(= ٢٠ی فوریەی ١٩٤٦) دەرچوو و سەرجەم سێ ژمارەی لێبڵاوکرایەوە.

(٦) گۆڤاری **هاواری نیشتمان** کە تەنیا یەك ژمارەی لە ١ ی خاکەلێوەی ١٣٢٥(= ٢١ی مارسی ١٩٤٦) لێدەرچووە. **سەددیق ئەنجیری ئازەر** سەرۆك و بەرپرسی ئەم گۆڤارە بووە.

(٧) گۆڤاری **گروگالی مندالانی کورد**:

گرینگیی ئەم گۆڤارە لەوەدایە کە لە دوای دەرچوونی گۆڤاری **کوردستان** لە قاهیرە(١٨٩٨)، بە ماوەی ٤٨ ساڵ واتە نزیك بە نیو سەدە، ئەمە یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان بووە لە زمانی کوردیدا. هەرچەند بە هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆ، چوارچێوە و شێوازێك کە گۆڤارێکی منداڵان دەبێ هەیبێ لە **گڕوگاڵی منداڵانی کورد** دا وەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام بۆ ئەو سەردەم و بۆ یەکەم هەنگاو لەم ڕێیەدا، کارێکی سەرکەوتوو بووە. جگە لە بابەتگەلی کێبەرکێ و کایە و ڕابواردن، بە زمانێکی سادە کەڵکی لەم بابەتانەی خوارەوەش بینیوە و وتاری بڵاوکردووەتەوە: شێعر، مێژوو، جوغرافی، ناساندنی گەورەپیاوانی کورد، حەکایەت و داستانی کورت، وەرگێڕاو، بابەتی پزیشکی و تەندروستی، بابەتی زانستی و ڕێزمانی کوردی.

ئەم گۆڤارە سەرجەم سێ ژمارەی لێدەرچووە؛

ژ١، ١ ی بانەمەڕی ١٣٢٥(= ٢١ی ئاوریلی ١٩٤٦)، لە ١٥ لاپەڕەدا

ژ٢، ١ ی جۆزەردانی ١٣٢٥(= ٢٢ی مەی ١٩٤٦)، لە ١٦ لاپەڕەدا

ژ۳، ۱ ی پووشپەڕی ۱۳۲۵(= ۲۲ی ژوئێنی ۱۹٤٦)، لە ١٤ لاپەڕەدا.

قەوارەی گۆڤارەکە ۲۱×۱۲سم بووە و نووسەرانی ئەم سێ ژمارەیە بریتی بوون لە: سەددیق بەکری[12]، هەژار، قادر مودەڕڕیسی[13]، هێمن، دڵشاد ڕەسووڵی[14]، ووردی، سەعید زەرگەیی (هومێد)، محەممەدی عەتری گلۆڵانی[15]، م-ص-قزڵجی[16]، محەممەد ئازەر و حوسێن فەقێزادە. هەروەها لە شێعری مامۆستایان « پیرەمێرد، زێوەر و حاجی قادری کۆیی »ش کەڵك وەرگیراوە، و وتارێکی **وەهاب بلوریان** یش لە ژمارە ۱ ی **نیشتمان** خواسراوەتەوە.

سەرپەرشت و بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە **قادر مودەڕڕیسی** بووە، هەروەها بیری دامەزراندنیشی هەر لە لایەن ئەووەوە سەریهەڵداوە.

لەسەر بەرگی هەر سێ ژمارەی گۆڤارەکە نووسراوە: **بە نیوی خودای بی هاوتا**. **بژی کورد و کوردستانی مەزن**. و لە ژێر ناوی گۆڤارەکە نووسراوە: **بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان**. تەنیا لە سەربەرگی ژمارە سێ، وێنەی **سەلاحوددینی ئەییووبی** چاپکراوە و ئەم دێڕەی لە پاڵدا نووسراوە:

تو نەمەردوی ئەی صلاح‌الدین ایوبی نسب          هەر بژی ئەی فەخری قەومی کورد و سلطانی عرب[17]

لە ناو گۆڤارەکەدا، جگە لە ژمارە دوو، کە وێنەیەکی لە دوو کچە کورد تێدایە، لە هیچ وێنەیەك کەڵك وەرنەگیراوە.

ژمارە ۱ ی ئەم گۆڤارە پێشکەش بە « عەلی قازی »[کوڕی ڕەش] کراوە، بەم چەند ڕستەیە: **پیشکەش بە: تاقانە گولی هیوای کوردستان پیشرەو منالان کورد بو ریی زانستی و هونەر آغای « علی قاضی ، رولەی شیرینی حضرت پیشوای بەرزی کوردستان.** هەروەها ژمارە ۲ پێشکەش کراوە **بە گیانی پاکی شهیدانی ریگای آزادی** و لە ژێر وێنەی دوو کچە کورد، نووسراوە: **بو ئەو لاشە بە قیمەتانەی کە لە روژی رەشی شەشی ایلولی سالی ۱۹۳۰دا لە خوینی سوری پاکی خویاندا بە دەست استعمارەوە تلانەوە. بو ئەو مندالانەی کە ئەو روژە گروگالی آزادیان دەکرد ئەرو** [ئەوڕۆ] **جەوانی کوردن و مللەتی کوردی بە بیرەوەری خویناوی باوك و باپیریانەوە، بە رەوشەنفکری نیشتمان پەروەری خویانەوە دەگەنە** [دەگەیەننە] مەیدانی آزادی. **بو گیانی پاکی شهیدانی لە دار دراوی تورکیای دیکتاتور کە ایستا روحی ملیان** [میللی‌یان] **لە آسمانی آزادی کوردستاندا لە ملە دایە ئەم گروگالە پیشکەشە.**

لە پشت بەرگی گۆڤارەکە، لە ژمارە ۱ دا بانگەوازێك بە قەڵەمی **دڵشاد ڕەسووڵی**، **بو معلمەکان** نووسراوە، لە ژێر سەردێڕی: **مەرام بە فیرکردن و تربیتدان چیە؟** و لە ژمارەکانی ۲ و ۳ دا پشت بەرگ هەر بە سپی ماوەتەوە و تەنیا نرخ و ناونیشانی گۆڤارەکەی بەم جۆرە لێنووسراوە: **دانەی ۳ قران. مهاباد — چاپخانەی کوردستان. آبونمان سالیانە ۳٦ ریال. مدیری ایدارە: قادری مدرسی.**

بابەتەکانی ژمارە یەکەم بریتین لە: **کوردستان مالی کوردە**، بە قەڵەمی وەهاب بلوریان، کە لە ژمارە ۱ ی نیشتمان خواسراوەتەوە، ل ۱ تا ۲. **گویزەبانەی حەوتوی پیغمبەری اسلام**، ل ۲ تا ۳. **نیشتمان پەورەری یونانیەکان**، ل ۳. **قەلەم**، شێعری هەژار، ل ٤ تا ٥. **آزادی کیهەیە؟** بە قەلەمی ص.ب، ل ٥ تا ٦. **کەوتویی**، بە قەلەمی ق.م، ل ٦ تا ۷. **بو کچان**، شێعری هێمن، ل ۷. **دەستوری زمانی کوردی**، دەرسی یەکەم، ل ۸. **ووتەی پیاوە ژیرەکان**، ل۸. **بالورەی کچە کوردیك**، شێعری زێوەر، کە لە گۆڤاری «گەلاوێژ» خواسراوەتەوە، ل ۹. **آواتی مندالیك**، بە قەلەمی دلشاد ڕەسووڵی، ل ۱۰. **هەبل دەلی**، ل ۱۰. **شعار بو هەمو کوردیك**، لە گۆڤاری نیشتمان خواسراوەتەوە، ل ۱۱. **مسابقە**، ل ۱۲.

بابەتەکانی ژمارەی دوویەم بریتین لە: **ستایشی خودا**، شێعری حاجی قادری کۆیی، ل۱. **دادگای حیوانات**، بە قەڵەمی قادر مودەڕیسی، ل۲ تا ۳. **دەستوری زمانی کوردی**، بە قەڵەمی قادر مودەڕیسی، ل۳. **دەرسیك لە جغرافیای**

**کوردستان**، به قەڵەمی ووردی، ل٤. **کوری کوردم لە بو ژیر دەستی نابم**، شێعری سەعید زەرگەیی(هومێد)، ل٥. **ازاد - حبسی، آثاری تاگور شاعیر و فیلسوف هند، اقتباس: محمد عطری گلولانی**، ل ٦. **کوخە رەشە**، بەشی پزیشکی، بە قەڵەمی قارد مودەڕیسی، ل ٧. **کورە شوانی رەشید**، بە قەڵەمی م — ص — قزلجی، ل ٨ تا ١٠. **فیلی** [فێڵی]**فەرماندە**، ل ١١. **جوابی مسابقەکانی پیشو**، ل ١١ تا ١٢. **مسئلەی حساب**، ل ١٢.

بابەتەکانی ژمارەی سێیەم بریتین لە: **حب الوطني من الايماني**، بە قەڵەمی صدیق بەکری، ل ١ تا ٢. **قسەی هەلبژیردراو**، ل ٢. **دەستوری زمانی کوردی**، بە قەڵەمی ووردی، ل ٣. **ارەزو**، شێعر، ل ٤ تا ٥. **خودا**، شێعری هێمن، ل ٥. **جغرافیای کوردستان، دەرسی دوم، چومەکانی کوردستان**، بە قەڵەمی ووردی، ل ٦ تا ٧. **ایمە رولەی کوردین**، بە قەڵەمی محمد آذر، ل ٨ تا ٩. **دزی امین**، بە قەڵەمی حسین فقەزادە، ل ٩ تا ١٠. **بو زانین**، بە قەڵەمی ق — مدرسی، ل ١٠ تا ١١. **لە خویندن و زانست چم دەست دەکەوی**، ل ١١. **رزگاری لە زندان، مسئلە**، ق — مدرسی، ل ١٢.

رێنووسی گڕوگاڵی منداڵانی کورد زۆر لە ڕێنووسی پەسندکراوی ئەلفوبێی عەرەبی ئەمڕۆمان نزیکە، بەڵام هەم بە پێی سەردەم و هەم بە پێی چۆنیەتی کەرەستە و گونجانی ئامێرەکانی چاپی، هەندێ جیاوازی و تایبەتمەندی پێوە دیارە؛ بەم جۆرە: « ئا » بە « آ » نووسراوە، وەك: آڵا، آموژگاری / « ئێ » و « ئی » زۆرتر بە « ای » نووسراون، وەك: ایتر، ایمە. بەڵام بە دەگمەن بە « ئی » نووسراون، وەك: ئیران / « ئە » بە هەر دوو شێوەی « ئە » و « ا » نووسراوە، وەك: ( ئەوە، ئەستو )، ( اەو کورە، احمد، امانت ) / « ئۆ » و « ئو » هەر بە « او » نووسراون، وەك: اومید، اوخەی / شەش پیتی « ث — ذ — ص — ض — ط — ظ » لە نووسیندا بەکار چوون و کەڵکیان لێوەرگیراوە، بەڵام لە دەرسی یەکەمی دەستوری زمانی کوردی کە لە ژمارە ١ دا بڵاوکراوەتەوە، لە ئەلفوبێی زمانی کوردی دەرهاویژراون و بە شەش پیتی تایبەتی زمانی عەرەبی ناسێندراون. / نیشانەی «ـٚـ» بە پێی ئەوە کە لە چاپخانەدا نەیانتوانیوە بۆی دابرێژن، بە کاریان نەهێناوە، بەڵام وەك باوەڕ لە سێیەمین وانەی دەستوری زمانی کوردی، کە لە ژمارە ٣ دا بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە: « **واوی بە هیز دەبی حەوتیکی لە سەر بکری** »، « **گەر لام خفیف بی هیچی پی ناوی، گەر قەلەو بی دەبی هەشتیکی لە سەر بکەین** » وەك دەبینین، نیشانەی «ـٚـ» تەنیا بۆ « و » و نیشانەی «ـ̂ـ» تەنیا بۆ « ل » وەبەرچاو گیراوە، ئیدی هیچ ئاماژەیەك بە « ێ » و « ڕ » نەکراوە و لە سەرجەمی نووسراوەکانی هەر سێ ژمارەشدا ئەم دوو پیتە بە هیچ چەشنێك نیشانە نەکراون، تەنانەت بۆ « ر »ی قەڵەو « رر » ش بەکار نەچووە کە نزیکەی پازدە ساڵ بەر لە گڕوگاڵی منداڵانی کورد، واتە لەساڵانی (٣٠)ەوە، گیرە «ـّـ» یا « رر » یان بۆ بەکار هێناوە.

لە باسی ڕێزمانیی ژمارە ٣ دا، باسی ئەوە کراوە کە «ـّـ» لە کوردیدا نیە و لە جیاتی گیرە دەبێ پیتەکە دوو جار بنووسرێ. لە نووسراوەکانی هەر سێ ژمارەشدا لە هەندێ جێ ئەوە وەبەر چاو گیراوە و لە هەندێ جێی تر گیرە بەکار چووە، وەك: **رەززاق — ملّق**.

« و » ی کورت و درێژ لە سەرجەمی نووسراوەکاندا وەبەرچاو گیراوە، بەڵام نەك بە پوختی. یانی لە زۆر شوێن کە یەك « و » پێویست بووە، بە « وو » نووسراوە، وەك: **هەلاوەسراوون**. و بە پێچەوانەش لە هێندێ شوێن کە « وو » پێویست بووە، بە « و » نووسراوە، وەك: **گەردون، بون، دو، جەغەتو**. گەلێك وشەش هەن کە لە سەرەتاوە بە « وو » نووسراون، وەك: **ووطاغ، وورمێ، ووشە، ووردی**.

لە ڕێزمانی ژمارە ٢ دا، لە باسی **بزوینەکان** نووسراوە: **بزوینەکان « اعراب » چوارن: « سەر. ژیر. بور. زەنە »**.

دیالێکتی **گرۆگاڵی** منداڵانی کورد هەرچەند کە **موکریانی** یە، بەڵام نووسەران بە ئاگادار بوون لە کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکانی دەرەوە، بە تایبەت باشووری کوردستان، هەوڵیان داوە بۆ لای زمانێکی ئەدەبی و گشتی بڕۆن ، وەك ئەم نموونانەی خواروو:

- لە جێی دوو ڕاناوی ( مە / ئەمە ) و ( ئەنگۆ )ی موکریانی، **ئێمە** و **ئێوە** یان بەکار بردووە.
- لە هەندێ جێگە، ( دە )ی موکریانی بە ( ئە ) نووسراوە، وەك: **ئەبی، ئەكری**.
- گەلێك ڕستەی شێوەزاری موکریانی، وەك: « گوناحێكی دیكەم نیێ »، بە شێوەی « گوناهێكی ترم نیە » نووسراون.

لە دواییدا، نووسینەوەی وتارێك، وەك خۆی بە بێدەستكاری، لە لاپەڕە ١٠ ی ژمارە ١، بە قەڵەمی «دڵشاد ڕەسووڵی»، بە ناوی **ئاواتی منداڵێك**، دەتوانێ چۆنیەتی ڕێنووس و خاڵبەندی، هەروەها بیری گۆڤارەكەمان پێشان بدا:

> آواتی مندالیك
>
> روژیکی لە مندالیکیان پرسی بوچی وا داماوی: لە وەرامی ئەو پرسیارە بریك سەری دانواند کوتی: بوچی دانەمینم دل خوشی بەوانەیە: بە زانست کە میلّلەتی من لی‌ی بی بەشە بە آزادی کە زیاترینی هاو خوینەکانم ایستاش نازانن چی میوەییکە بە صنعەتە کە میللەتانی دی لە آسمان دەرونو ژیر دەریا کشف دەکەن تازە کوردستانی ئیمە باسی الف و بی دەکا روژیکی ئەمن شاد دەبم کە گەورە و چوك و ژن و پیاوی ولاتەکەم خویندەوار بن ئەو روژە خوشە کە آلای سەربەخویی کوردستان لە سەر چیاکانی آرارات بلەریتەوە ئەوی روژی کە کوردستانی جوان بەم وینەیە ببینم دەتوانم بلیم داماو نیم و دلشادم.



بەنیوی خودای بی هاوتا بژی کوردو کوردستانی مەزن

گروگالی مندالانی

کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

ژمارە ۱

سالی ۱

۱ بانەمەر ۱۳۲۵



بەنیوی خودای بەرزی بی هاوتا بژی کوردو کوردستانی مەزن

گروگالی مندالانی

کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

ژمارە ۲

سالی ۱

۱ جوزردان ۱۳۲۵

مهاباد ـ چاپخانەی کوردستان



ی خودای بەرزی بی هاوتا بژی کوردو کوردستانی مەزن

گروگالی مندالانی

کورد

بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان

رە ۳ سالی ۱ ۱ پوشپەر ۱۳۲۵



**وێنەی ڕووبەرگی هەرسێ ژمارەی گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد**

## پەراوێزەکان

١ – لێرەدا مەبەست ڕۆژنامەگەریی کوردییە، و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لە کوردستان یا دەرەوەی کوردستان لە لایەن ڕۆژنامەوانانی کوردەوە بڵاوکراونەوە بەڵام زمانی کوردییان تێدا بەکار نەچووە، لەم وتارەدا بەرباسی ئێمە نین. هەڵبەت شوێنی لەدایکبوونی ئەم چەشنە ڕۆژنامە و پەخشانە، پتر دوو شاری سنە و کرماشان بووە. بۆ زانیاری لە بابەت ڕۆژنامە فارسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڕ: **بیبلوگرافی مطبوعات کردستان**، زنجیرە وتاری کاک ئەحمەدی شەریفی، لە حەوتەنامەی **ئاویەر** ی ژمارە ٤٠ بەملاوە.

٢ – هەندێ سەرچاوە ئەم گۆڤارەیان بە **کوردستان** ناو بردووە، و زانیارییەکانیش لەم بابەتەوە یەکتر ناگرنەوە. بۆ وێنە ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەك دەکەین:

A؛ **روزنامەنگاری در کردستان**، نووسراوی جەمال خەزنەدار، وەرگێڕاوی ئەحمەد شەریفی: » کوردستان گۆڤارێکی مانگانەی کوردی – ترکی بووە کە لە لایەن عەبدولڕەزاق بەگ بەدرخان لە ١٩١٢ لە شاری ورمێ دەرچووە، پاشی دوورخستنەوەی عەبدولڕەزاق لە لایەن ڕووسەکانەوە، » سمایلئاغای سمکۆ « بەرپرسیارێتی بڵاوکردنەوەکەی وە ئەستۆ گرتووە و تا ١٩١٤ درێژەی پێداوە. « ل٥.

B؛ هەر کاك ئەحمەدی شەریفی لە پاشکۆی ژمارە (١)ی هەمان کتێبدا بە نەقڵ لە »عەبدولجەببار جەباری« لە کتێبی **مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی** یەوە دەڵێ: » گۆڤاری **کوردستان** (کوردی – ترکی) لە ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن عەبدولڕەزاق ئالی بەدرخان لە ورمێ دەرچووە و تا زەمانی دوورخستنەوەی عەبدولڕەزاق بۆ ڕوسیە، ڕۆژنامەکە بەردەوام بووە.« ل٥٤.

C؛ **مێژووی ئەدەبی کوردی**، عەلائەدین سەجادی: » گۆڤاری **کوردستان** مانگێ جارێ لە ورمێ، مبەشرەکان لە ساڵی ١٩١٢ دەریانکرد. بەڵام زۆر نەژیا.« ل٥٥٢.

D؛ **کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا**، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: » عەبدولڕەزاق بەدرخان لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری **خۆی** کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری دامەزراند و نیازی بوو چاپخانەیەکیشی بۆ دابنێ و ڕۆژنامەیەکی بە ناوەوە دەربکا و لە ژێر سەرپەرشتی ئەو دا چەند قوتابخانەیەکیش بکاتەوەوە. « ل٣٨ – ٣٧.

٣ – کوڕی نەجیب پاشا و نەوەی ئەمیر بەدرخان، کە لە ١٩١٨ بە دەستی ترکان لە موسڵ کوژرا.

٤ – کوڕی مەلا حوسێن و نەوەی مەلا عەلی قزڵجی، لە ١٣١٣ی کۆچی(١٨٩٥/٩٦) لە ئاوایی **تورجان** لەدایك بوو، لە شارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرسی خوێند و لە قاهیرە خوێندنی بەرزی تەواو کرد و گەڕایەوە باشوور و لە بەغدا دانیشت و لە خوێندنگەی » ئەعزەمییە « دەرسی دەگوتەوە. گەلێك وتاری بەنرخی لە گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، شوێنەواری بەکەڵکی لە پاش بەجێماوە، لەوانە: **مساجد السلیمانیە**، شەرح و ڕاڤەی **ربع مجیّب**، زنجیرە پەراوێز و شیکردنەوەی **لباب الاشارات** ی ئیمام فەخری ڕازی، و بە کوردی و عەرەبیش هەڵبەستی هەیە. لە ١٣٨٣ (١٩٦٣/٦٤) کۆچی دوایی کرد و هەر لە **ئەعزەمییە** نێژرا. ( بابا مردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، ج٢، ص ٣٩٢ – چاپ دوم، ١٣٨٢ )

٥ – لێرە بەدواوە، هەرچی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وەربگیرێ، ڕێنووسەکەی دەستکاری ناکرێ.

٦ – هەندێ ڕای تریش هەیە کە ژمارەکانی ڕۆژنامەی **کورد** تا پتر لە بیست دەستنیشان دەکا. گۆیا **محمد تمدن** نووسەری تاریخ رضائیە زێدە لە ٢٠ ژمارەی لە ئەرشیڤی خۆیدا پاراستووە. بە داخەوە سەرچاوە ئێرانییەکان لەم بارەوە زۆر لالووت و نابەدڵ لە پەخشە کوردییەکانی ئێران دواون، یا هەر نەدواون. **علی دهقان** نووسەری کتێبی **سرزمین زردشت** کە باس لە چاند و دیرۆکی ورمێ دەکا، لە باسی مێژووی ڕۆژنامەگەریی ئەم شارەدا ئاماژەیەکیش بە ڕۆژنامەی **کورد** دەکا و دەڵێ: « لە بابەت مێژووی ڕۆژنامەگەرییەوە، ورمێ دوویەمین شارە لە ئێراندا. پێشینەی ڕۆژنامەگەریی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٦٧ ی کۆچی( ١٨٥١ ز ) و گۆڤاری **زار بری باهر** بە زمانی کەلدانی کە مانگانە بووە، پاشان لە ١٣١٤( ١٨٩٧ ) گۆڤاری مانگانەی **تاتشرندا** لە لایەن کۆمەڵی کاتولیکی ورمێ بە زمانی کەلدانی و بە ماوەی شەش مانگ دەرچوو، لە ساڵی ١٣٢٥( ١٩٠٧ ) حەوتەنامەی **فریاد** بە زمانی فارسی لە لایەن **حبیب‌الله آقازاده** بڵاو کرایەوە، هەر لەم ساڵەدا ڕۆژنامەی **کخوا** بە مانای « ئەستێرە » هەر پازدە ڕۆژ جارێك لە لایەن **رابی یوخینن موسی** بڵاوکرایەوە، پاشان ڕۆژنامەی **ارتودوکسانا** لە لایەن پێشەوایانی ئایینی ئورتۆدۆکس لە ساڵی ١٣٢٦( ١٩٠٨ ) بە زمانی کەلدانی بڵاوکرایەوە. حەوتەنامەی **اتفاق** لە لایەن **حاج ابراهیم افشار** لە ساڵی ١٣٢٨( ١٩١٠ ) دەرچوو و چەند مانگێك دەوامی کرد، حەوتەنامەی **فروردین** لە لایەن **میرزا حبیب آقازاده** لە ساڵی ١٣٢٩( ١٩١١ ) دەرچوو و حەوت مانگ بەردەوام بوو. ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە سەرپەرشتی **محەممەد تورجانی‌زادە** لە ساڵی ١٣٤٠( ١٩٢٢ ) لە ورمێ بڵاوکرایەوە کە ڕێبازەکەی سیاسی بوو و حەوتووی جارێك دەردەچوو.»... ل٢٢٠.

٧ – ژمارە (٧ و ٨ و ٩)ی نیشتمان بە مێژووی ( خاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣ )[= مارس و ئاوریل و مەی ١٩٤٤] بە یەکەوە لە ٣٢ لاپەڕەدا دەرچووە. ئەم بەرگەی گۆڤاری نیشتمان، ١٢ لاپەڕەی هەوەڵی لە تەورێز بە کۆششی زەبیحی چاپکراوە و ٢٠ لاپەڕەی دواییشی لە چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد هاتووەتە چاپکرن. جیاوازییەکی تەواو هەم لە بابەت ناوەرۆك و هەم ڕواڵەتدا لە بەینی ئەو ١٢ لاپەڕە و ٢٠ لاپەڕەدا وەبەرچاو دێ. تەنانەت لە ١٢ لاپەڕەی هەوەڵدا کە لە تەورێز چاپکراوە وتارێکی سیاسی بە قەڵەمی زەبیحی تێدابووە بە ناوی **پەیمانی سێ سنوور**، لە مەهاباد ئەم وتارە لە گۆڤارەکە دەرهاویژراوە و لە جێی ئەو، پارچە هەڵبەستێك و وێنەی دوو کچە کوردی تورکیای لە جێ چاپکراوە. نووسخەیەك لە وتارەکەی زەبیحی لە ئەرشیڤی مامۆستا عوبەیدوڵڵای ئەییوبیان لە مەهاباد هەیە کە پاشی چەند جار داواکردن، بە ناچاری وازم لێهێنا. باش بوو لەم هەلەدا بۆ مێژوو بڵاو بکرایەوە.

٨ – هەروەها بیری دامەزراندنی چەند گۆڤار و پەخشی تریش لە ئارادا بووە، لەمانە گۆڤارێکی ( تەنز ) و گۆڤارێکی لاوان، و گۆڤارێکی تر بە نێوی **ژیانەوە**. بە وتەی مامۆستا ئەییوبیان، داوای ئیمتیازی گۆڤاری ژیانەوە لە لایەن **ئیبراهیمی نادری** یەوە کرا، بەڵام سەبارت بەوەی ناوی **ژیانەوە** دەبووە وەبیرهێنەرەوەی **کۆمەڵەی ژ.ك**، داواکەیان پەسند نەکرد و ڕەدیان کردەوە. ئیبراهیمی نادری کوردێکی کرماشانی بووە کە بەر لە حکوومەتی کوردستان، ئەفسەری سپای ئێران بوو و لە زەمانی کۆماری کورد، سەرۆکی فەرهەنگی کوردستان بووە.

٩ – خاوەن ئیمتیاز و بەرپرسی ئەم گۆڤارە **محمد آذر** بووە. وا دانرابوو کە مانگێ دوو جار بڵاو بێتەوە. **آذر** ناوی نهێنیی **محەممەدی شاپەسەندی** بووە لە کۆمەڵەی ژ.ك دا. شاپەسەندی لە پەخشەکانی ئەو سەردەمدا بە نێوی **محمد آذر** و **م. آذر** وتاری دەنووسی.

١٠ – زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەیان بە ژمارەی دروستی دەرچوونی گۆڤاری کوردستان – کە ٩ ژمارە بووە – نەکردووە؛ جەمال خەزنەدار لە رابەری رۆژنامەگەریی کوردیدا دەڵێ: ١٦ ژمارەی لێدەرچووە. ( ل١٧، وەرگێڕانی فارسیی ئەحمەدی شەریفی ). عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەڵێ: ١٨ ژمارەی لێدەرچووە. (ل ٥٥٧). نەوشیروان مستەفا ئەمین لە کتێبی حکوومەتی کوردستاندا تەنیا لە سێ ژمارەی کوردستان دەدوێ (ل١٥٤ – ١٥٦). ئینسکلۆپێدیای ئیسلام لە باسی ئەم گۆڤارەدا دەنووسێ: ١٦ ژمارەی لێدەرچووە.( ل ١٩٠، کرد در دایره المعارف اسلام، ترجمهٔ اسماعیل فتاح قاضی ).

١١ – لە بابەت **رۆژنامەی کوردستان** یش ئالۆزییەکی زۆر لە سەرچاوەکاندا دەبینرێ؛ کاك ئەحمەد شەریفی ڕای وایە کە ١١٢ ژمارەی لە زەمانی کۆماردا لێدەرچووە و دوای ڕووخانی کۆماریش دوو ژمارەی ١١٣ و ١١٤ ی بە دەسخەت لە تەورێز چاپ و بڵاوکراوەتەوە. عەلائەدین سەجادی دەنووسێ: ١١٣ ژمارەی لێدەرچووە، (مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٥٥٦). نەوشیروان مستەفا ئەمین دەنووسێ: وەکوو ئەڵێن بە هەمووی ١١٢ یا خود ١١٤ ژمارەی لێدەرچووە، (حکوومەتی کوردستان، ل١٥٩). جەمال خەزنەدار دەنووسێ: ١١٣ ژمارەی لە مەهاباد دەرچووە و تا ساڵی ١٩٦٠ بە نهێنی لە ئێران دیسان چاپ و بڵاو دەکرایەوە، پاشان لە باکۆ و پاشی ئەو لە ئەورووپا دەردەچوو. ئێستاش ( یانی ١٩٧٣ )، خولی تازەی تا ژمارە ٢٣ هاتووە، ( ل١٧، وەرگێڕانی فارسی ئەحمەدی شەریفی ). ئەم ڕایەی مامۆستا جەمال گەلێك ئالۆزاوە و وادیارە لەگەڵ هەندێ گۆڤار و ڕۆژنامەی تر بە ناوی **کوردستان** لێی تێکەڵ بووە. بەڵام ڕای مامۆستا عوبەیدوڵڵای ئەییووبیان کە لە چاوپێکەوتنێکا بە نووسەری ئەم وتارەی گوت، ئەمەیە: «ڕۆژنامەی کوردستان بە دڵنیاییەوە ١١٠ ژمارەی لێدەرچووە و خۆم لە ئەرشیڤدا ١١٠ ژمارەکەم هەبوو. ئەو ڕۆژە کە دەبوو ژمارە ١١١ چاپ بکرێ، من سەردانی چاپخانەی کوردستانم کرد و دیتم لە جێی **کوردستان**، پەڕێك ئیعلان بە ناوی پێشوازی کردن لە ئەرتەشی شاهەنشاهی ئێران چاپکراوە. من دانەیەك لە ئیعلانەکەم لە ئەرشیڤدا پاراستبوو. »

- چاوپێکەوتنی ڕۆژی شەممۆ، ١١ی سپتامبری ١٩٩٩ لە مەهاباد -.

١٢ – بە ناوی **سەددیق عەلایی** ئێستا لە ژیاندایە و لە نەغەدە دەژی.

١٣ – کوڕی **مەلا حوسێنی کانی کەبوودی**، ساڵی ١٩٠٢ لەدایكبوو، لە ١٩٤٦ بە ناوی **ق.م.ڕەوادی** بووبە ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك، و لە ١٩٩٢ لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد. لە گۆڤار و ڕۆژنامە و پەخشەکانی ئەو سەردەمدا بە ناوی ق.م ، ق. مدرسی ، ق.م. رەوادی وتاری دەنووسی.

١٤ – ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ك بووە بە ناوی نهێنی **م. نادری**.

١٥ – بە ناوی **محەممەد نووری** ئێستا لە ژیاندایە و لە بۆکان دەژی.

١٦ – محەممەد سادق قزڵجی

١٧ - تۆ نەمردووی ئەی سەلاحەددینی ئەییووبی نەسەب
هەر بژی ئەی فەخری قەومی کورد و سوڵتانی عەرەب

★ ★ ★